# بژی ڕا پەرینی خەڵکی کەلار, دژ بە گەندەڵیو لە پێناو دابینکردنی کارەباو ئاوو سوتەمەنیدا!

**جەماوەری ئازادیخوازی شاری کەلار**

بە ناوی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە، دەستخۆشانەتان لێدەکەمو بەهیوای سەرکەوتنتانین لە خەباتی ڕەواو ئینسانیتاندا لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان لە ئاوو کارەباو سوتەمەنیو دژ بە گەندەڵ ئیداری وبنبڕکردنی دیاردەی دزیو هەڵلوشینی سەروەتی خەڵکی کوردستان. حزبی ئیوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، هەمیشە لە جەرگەی خەباتو ململانێکەی سیاسی بەردەوامدا بوە لەپێناو بەدیهێنانی سەرجەم خواستەکانی خەڵکی کوردستانو بەم پیٚیەش نەك تەنها لەگەل ئیوەین بەڵکو بە هەموو توانامانەوە هەوڵ دەدەین لە پیناو بەدیهێنانی تەواوی خواستو داواکانی خەڵکی کوردستاندا لیٚبڕاوانە لەمەیداندا بین.

ڕاپەڕینی ئەمڕۆی ئیوە کە لەسایەی دەستپیٚشخەریو ڕابەری کۆمەلیٚك لە دڵسۆزانو خەمخۆرانی کەلارەوە بە دروشمی "ئاو، کارەبا، سوتەمەنی، نەمانی دزیو ڕۆیشتنی قائمقام" هیٚمنو شارستانیانە دەستتان پیٚکرد، لەلایەن هیٚزی سەرکوتکەری ئاژاوە گیٚرەوە کرایە شەرو پیٚکدادانو چەندین کەس لە خۆپیشاندەران لەم نیٚوەدا بریندار بونو بەپیٚی دواین هەواڵ یەکیٚکیان گیانی لەدەستداوە، بۆتە گیان بەختکردوی ڕیگای ئازادیو خۆشگوزەرانی. ڕاپەرینی ئیٚوە حەلقەیەکە لە حەلقەکانی ڕاپەڕینو خەباتی خەڵکی کوردستان کە ماوەی سالیٚکە دەستییپیٚکردوە دژ بە گەندەڵی ئیداریو لە پیٚناو باش بژیەتیو بەرزکردنەوەی ئاستی مەدەنیەتو خواستی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ئاوو کارەباو ڕیگاوبانی گونجاو کە لە ڕۆژی 21ی حوزەیراندا خەڵکی خۆراگری شاری ڕانیە قفڵی ڕاپەرینیٚکی نۆیان پیٚکردوە. ڕاپەرینی ئیوەش هەمان ناوەرۆکی پیٚشکەوتنخوازیو شارستانیانەی لە خۆگرتوەو لە دریٚژەی هەمان هەلومەرجی سیاسیو کۆمەلایەتی کوردستاندایە کە لەسایەی دەسەلاتداریٚتی ناسیونالیزمی کورددا سەپاوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا لە زەوتکردنی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانەوە بگرە تاکو دەگاتە ئیبداع کردنیان لە گەندەڵی ئیداریو فەرهود کردنی سەروەتو سامانی خەلکی کوردستان.

دەسەلاتداریٚتی ناسیونالیزمی کوردو بەرپرسانی لەماوەی 14 ساڵی ڕابوردودا بەڕۆشنی نیشانیان داوە، کە ئەوان خەریکی شەڕو تالانو بڕۆن، خەریکی کەلەکردنی پارەپوڵی فەرهودکراوی خەڵکن، خەریکی کردنەوەی گەرەکەکانی بەهەشتی شارو فیرعەوناوان، خەریکی ئیمزاکردنی ڕیککەوتنامەی شەراکەتی ئابورین لەگەل هەر کۆمپانیایەکی ناوخۆییو دەرەکیدا، کۆمپانیاو بازرگانیەکی بریك گەورە نیە لەکوردستان ئەگەر شەراکەتی بەرپرسیکی ئەم دوهیٚزە دەسەلاتدارەی لەگەل نەبیٚت. خەریکی سەرکوتی خۆپیشاندەرانو تەقکردنن لیٚیان، خەریکی برینی ژەمە نانی ئەو فەرمانبەرو مامۆستایانەن کە نارازین، لە هەمانکاتیشدا لە هەرکوییٚەك کۆشکیٚکی فرعەونی دروست بکەن ئەوە پیٚش ئەوەی کۆشکەکەیان تەوابیت شەقامی قیری بۆ دەچیٚت ئەگەر بەسەر شاخیشەوە بیٚت، پیٚش ئەوەی تەواو بیت کارەبای لە خەتی فیدەری 2 بۆ دابیندەکریٚت و بیری ئیرتوازی بۆ لیٚدەدریت بەلام بۆ خەڵك بیرلیٚدانیش قەدەغەیە بۆ کەلاریش تەنها 2 سەعات کارەبا دابیندەکریٚت. بۆ بەرپرسان کوردستان چراخانو قیرتاوو پڕ ئاوە، بۆ زۆربەی زۆری خەڵکیش تاریکستانو لیتا وە.

**جەماوەری نارازیو را پەریوی کەلار!**

بە هیچ وەعدەو بەلیٚنیٚك دەستی خۆتان لیك مەکەنەوە، یەکگرتوییو ڕیکخراوبونتانو بەردەوام بونتان لە خەباتیٚکی بەردەوامدا تاکە ڕیگای بەدیهێنانی خواستو داوکاریەکانتانە، خۆتان یەکگرتوو ترو ڕێکخراوتر بکەن بەدەوری ڕابەرانی دلسوزو خەمخۆرانی خۆتاندا، ریزەکانتان پتەو تر بکەن. نویٚنەرانی خۆتان بکەنە چاودیٚرو لایەنیٚکی سەرپەرشتیار بەسەر جیٚبەجیٚکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە لە ئاوو کارەباو قیرتاو کردنی شەقامو کۆلانەکان، ڕیگا مەدەن ئاژاوە گیٚرانو تاوانباران کە تەقەیان لە خەڵك کردوەو چەندین کەسیان بریندار کردوەو دەستیان بە خویٚنی ئیوە سوربوە، هەروا دەربازبنو پیٚویستە وەکو تاوانبارو ئینسان کوژەکان ببریٚنە داداگایەکی ئاشکراو بەسزای خۆیان بگەن. لەکۆتاییدا ماوە بلیٚم ئەمە دەستوری ناسیونالیزمی کوردە، دەستوری سەرکوتو گەندەلی، دەیانەویٚت لە 15ی ئۆکتۆبەردا ڕاپیٚچتان بکەن بۆ دەنگدان بۆ دەستوری سەرکوتو گەندەڵیو شڕەخۆری بۆ دەستوری زەوتکردنی مافی سیاسی ئیوە لە بریاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆتان، بۆ دەستوری کۆیلەتی ژنانو لاوان. ئیوە لە ئیٚستاوە بەم ڕاپەرینە شکۆدارەتان وەلامی خۆتان دایەوەو بەم دەستورەو وە بە دەنگی بەرز "نا" تان ووت بۆ هەلومەرجیٚکی سەپیٚنراو ئالۆز کە دەستورەکەی تیدا نوسراوە. دوبارە دەستان خۆشو هیوای سەرکەوتن دەخوازین.

سامان کەریم

بەرپرسی ڕیکخراوی کوردستان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2005/9/7